## ووتەی هەفتانە

- نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بەردەوامە لە سەرانسەری عێراقدا
- درێژەدان بەتۆمارکردنی حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان
- ڕۆژی سێ شەمەی داهاتوو کۆمسیۆن ئامادەسازی دەکات بۆ بەستنی کۆنگرەیەك لەگەل حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان

کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکان پابەند دەبێت بەو وادە کۆتاییانەی کەپێشتر ڕایگەیاندوە وە لەمانەش ماوەی تۆماری هاوپەیمانیە سیاسیەکان کە تا بەرواری (١/٥/٢٠٢١) ه ، وە وادەی پێشوازی کردن لە لیستی پالێوراوان تا بەرواری (١٧/٤/٢٠٢١) ه وەهەروەها وادەی ئەنجامدانی هەلبژاردن لەبەرواری ١٠/١٠/٢٠٢١ وادەیەکی حەتمیە و پابەندین پێوەی ، وە لەڕووی یاساییەوە ناکرێ گۆڕانکاری تێدا بکرێت ، وە کۆمسیۆن لە پەیوە ندیدایە لەگەل ئۆفیسەکانی هەلبژاردن لە عێراق سەبارەت بە پڕۆسەی تازەکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی بایۆمەتری ، ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کە داتاکانیان بۆ تازەکراوەتەوە گەیشتۆتە (١٣٦٢٢٥٥) دەنگدەر کە لەنێویاندا (٢٣٧٣٨) دەنگدەری ئاوارەی تێدایە ، وە ژمارەی سەرجەم ئەو دەنگدەرانەی کە تۆماری بایۆمەتریان بۆکراوە گەیشتۆتە (١٥٨٩٧٦١٢) دەنگدەر ، وەهەروەها لیژنەی وەرگرتن و پشکنین لە کۆمسیۆن هەلسا بە ئەنجامدانی پرۆسەی پشکنینی کۆژمەی شەشەم لە کارتی دەنگدانی بایۆمەتری کە ژمارەیان (٧٣٦٩٠٦) کارتە کە لە لایەن کۆمپانیای اندرای ئیسپانی ڕەوانەکراوە ، وەکۆمپانیای ناو براو بەرپرسە لە بە چاپ گەیاندنی کارتی بایۆمەتری ، وەپاش دلنیابون لەسەلامەتی کارتەکان دابەشکران بەسەر ئۆفیسەکانی هەلبژاردنی پارێزگاکان . وە ژمارەی ئەو کارتە

بایۆمەتریانەی کەدابەشکراوە بەسەر دەنگدەراندا گەیشتۆتە (١٣٤٤٩٠٧٥) کارتی بایۆمەتری .

لە لایەکی ترەوە کۆمسیۆن بەردەوامە لەپرۆسەی تۆمارکردنی حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان وە مۆڵەتی دامەزراندن دراوە بە (٢٥) حزبی سیاسی ، وە ژمارەی داواکاری تۆمارکردنی حزبی سیاسی لە لەژێر مامەڵەی دامەزراندن دایە نزیکەی (٦٥) داواکاریە ، ئەمە لەکاتێکدایە کە ژمارەی ئەو حزبانەی کە ئارەزوی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنیان نیشانداوە گەیشتۆتە (١١٠) حزب ، وە (٨) هاوپەیمانی سیاسی لە کۆی (٣٠) هاوپەیمانی سیاسی ئارەزوی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی پیشانداوە ، وە (١١) هاوپەیمانی سیاسی لەژێر مامەڵەی دامەزراندندان . بەلام ئەوەی پەیوەندی بەکاندیدی سەربەخۆ وە هەیە ژمارەیان گەیشتۆتە (٢٨٨) کاندید ، لە ناویاندا (٥) کاندید لە پێکهاتەی یەزیدین و (٥) کاندیدی تر لە پێکهانەی سائبی و مندائین و (٧) کاندیدی تر لە پێکهانەی کوردی فەیلین ، وە لە کۆی ژمارە سەرجەم کاندیدەکان (٤٩) کاندیدی حزبە سیاسیەکان و (٤) کاندیدی هاوپەیمانیە سیاسیەکانە .وە لەلایەکی ترەوە و لە چوار چێوەی ئامادە سازیەکان بۆ دەنگدەانی رۆژی ٢٠٢١/١٠/١٠ ئەنجومەنی کۆمسیاران بڕیاریدا بە پەسندکردنی ( تایبەتمەندیە هونەریەکانی فۆڕم و چاپکراوە ناهەستیارەکان) کە تایبەتن بە ناوەندو و ێستگەکانی دەنگدانی گشتی و دەنگدانی تایبەت .

وە لە چوار چێوەی پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن کۆمسیۆن ئامادە سازی دەکات بۆ بەستنی کۆنگرەیەك لەگەڵ حزب و قەوارە سیاسیەکان لە ڕۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٣ ی نیسانی ٢٠٢١ سەعات ١١ ی بەیانی لە هۆلی دادگای

**دە ستوری لە بەغداد ، وە کۆنگرەکە چەند بابەتێك لە خۆدەگرێت لە وانە بابەتی کاندیدی تاك و کاندیدی حزبەکان و بابەتی سیٚ یەم تایبەتە بە ڕێکارەکانی دەنگدانی گشتی و دەنگدانی تایبەت.لەبەر گرنگی دانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بە پاکی و بێگەردی و دادپەروەری پرۆسەی هەلبژاردن ، وەهەروەها بەمەبەستی جێیەجێکردنی یاسای هەلبژاردنەکانی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٢٠ کۆمسیۆن بایەخی تەواو دەدات بە دۆسیەی کۆمپانیای پشکنەر کە وابە ستەییەکی تەواوی هەیە و پەیوەندیدارە بە سەلامەتی ڕێکارە هونەری و ئەلکترونیەکانی ئامێرەکانی خێراکردنی ئەنجامەکانی و ناوەندی اگواستنەوە و ئامێرەکانی تر ، دوای هەلۆە شاندوەی بڕیاری هەواڵە کردن بۆ کۆمپانیای (PWC) کۆمسیۆن بڕیاریدا بە ڕاسپاردنی لیژنەی فەرمانی دیوانی ژمارە (٣) ی ساڵیٚ ٢٠١٩ بە دەستکردنەوە بە سەوداو سازان لەگەڵ کۆمپانیای پشکنین کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان پاك لیست کراوە کە ئەویش کۆمپانیای ئەڵمانی بەناوی (HENSOLDT)ە پشتبەستن بە ڕێنماییەکانی جیٚبەجێکردنی گریبەستهحکومیەکان.**

**<u>ووتە بێژی ڕاگەیاندن</u>**